كۆمۆنیستی كرێكاری

# لەبز شیرین!!

عەباس شوان
a.shiwan@kurdpost.com

گەلێ برادەرینە, كۆمۆنیستی كرێكاری لە كێشەكانی لەگەڵ پارتە كوردییەكان باشووری كوردستان بە تایبەت PUK دا, وەكو خاڵێكی ناشیرین ئەوەی دەدا بە ڕوودا كە دڵی كەسی بە خۆیەوە نەهێشتووە و گێچەڵ و شەری لابەلابە بە زۆربەی زۆری پارتەكان فرۆشتووە و پاشقولی نامەردانەی لێگرتوون, هتد...

ئەو تەوژمە لە كاتێكدا زمانی لەوانە بست زیاتر درێژ كردووە, بە تەرەفێكی تر, گەر بێتو بە قەولی فارسی بەرەرسی كاروكردەوەكانی خودی خۆیان بكرێت, ئەمانیش بە شێوازی تر كەمیان بە پارت و تەنانەت كۆمۆنیستەكان نەكردووە, جا كام پارت ماوە ئەم تەوژمە بەرەگەز فارسییە, ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بڵاوكراوە بێخوێنەرەكانیاندا پەلاماریانی نەدابێت!؟

لەوكاتەشەوەی بنكردایەتی و سەركردایەتییان ئاوارەی هەندەران بوون, كەپوویان فش بۆتەوە– ببوورن ناشیرینە – بابەتیان هاتۆتە كزی و هیچ نەماوە لەسەر بدوێن, لەسەر وێرگل و خاڵ سەرەوشە كەوتوونەتە گەڵەكۆمە و گێچەڵ بە فلان و فیسار پێنووس. ئەمیش نامۆیە بە كردەوەی پارتێكی سیاسی ڕزگارییبەخش, كە دواڕۆژی كۆمەڵگا بە هی خۆی بزانێت!

لە كۆتایی مانگی ڕابردوودا ڕاپۆرتەهەواڵێكم لەسەر یادی دامەزراندنی كۆماری كوردستان بە ناونیشانی ( كۆماری كوردستان بێ ئاڵا بوو!! )بڵاوكردەوە لەوێدا بە تێپەر ناوی ئەوانیشم هێنابوو, لەبەر ئەوەی فەقری بابەتیان هەیە, كردیان بە هەڵلا سەرەتا بە شێوازێكی ناسیاسیانە و بێفەرهەنگانە – ببوورن ناشیرینە – لە ئاستی بەرزیاندا( ئاڵا فەرەج ) ئەندامی مەكتەبی سیاسی و لێپرسراوی كۆمیتەی فینلەندیان وەڵامیان دامەوە .

بەندەیش بۆ ئاوكردن بە ئاگرەكەدا, وەك ڕوونكردنەوەیەك بە فاكت لە ئەدەبیاتی خۆیان وەڵامێكم دانەوە, كەچی گریان گرت دووبارە(رهبر)ێكیان بەناوی كاك خالید ساڵحەوە لە ڕۆژی 2002.2.11 لە ماڵپەری كوردستان نێتدا بە ناونیشانی ( عەباس شوان خەو بە پەساپۆرتی كوردستانەوە دەبینێ )بە هەمان زمان بەڵكوو توندتریش هەرچی پەیڤی ناشیرین هەیە بە زیادەوە دەری بڕیوە, بڵاوكردەوە، شوكر وەجاغی PUK ڕوونكردەوە.

كورد گەر بەختی هەبوایە دوژمنێكی وەك ئیسرائیلی دەبوو, بەڵام دەڵێی چی دوژمنەكانی دوور لە ڕووی جەماعەت كەرن – بە مانا ڕۆژهەڵاتییەكەی –. جا تەشبیە نەبێت منیش لەم شەرە لابەلایەدا تووشم بووە بە تووشی تەوژمێكەوە هیچیان لە هەبگەدا نییە, بۆیە ئاڵای سپی هەڵكەم زۆر باشترە, وەك لەوەی بچمە شەرێكی دۆڕاوەوە.

بە هەر حاڵ, ئەو تۆپەڵە وشەیەی كە كاك خالید ساڵح بە سیكۆتین بەیەكییەوە نووساندبوو, هەڵگێرووداگێرم كرد هیچی لێ سەوز نەبوو, زۆر وێران بوو, چیلكەم تێوە دایە, لەوانەیە خوێنەران تف و نەعلەتم بۆ بنێرن, بۆیە لە ترسا سەرقاپی دەنێمەوە.

بە نووشتە..